# میراتگرانی فیردەوس

< کوردی >

ئیدریس مەحمود

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الذين يرثون الفردوس

< كردي >

إدريس محمود

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# میراتگرانی فیردەوس

بۆ ئەوانەی تامەزرۆی بەهەشتن

بۆ ئەوانەی پەرۆشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هەمیشەیی خوا سبحانە

بۆ ئەوانەی تامەزرۆی گەیشتنن بە دیداری اللە -جل جلالە –

خوای گەورە لە سەرەتای سورەتی (المؤمنون)دا باسی چەند شتێکی بۆ کردووین کە بە گوێڕایەڵیکردنی خوا سبحانە تیایاندا دەبیت بە یەکێك لەو کەسانەی بە هەمیشەیی لە بەهەشتی فیردەوسدا دەمێننەوە، ئەمەی لای خوارەوەش پوختەی ڕاڤەی ئەو ئایەتانەیە:

1- ﴿ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴾.

ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا دڵ ئارام و ملکەچ و دامەزراون و خشوعیان هەیە.

خشوع و ملکەچیش لە نوێژدا بەوە دەبێت کە دڵت بە ئاگا بێت و ترس و خۆشەویستی پەروەردگارت لە دڵدا بێت بەمەش دڵت ئارام دەبێت و جووڵەی ئەندامەکانی لاشەت کەم دەبێتەوە.

ئەوەش بزانە کە خشوع ڕووحی نوێژە و بە پێی کەم و زۆری خشوعەکەت پاداشتەکەشت کەم و زیاد دەکات.

2- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴾.

وە ئەوانەی لە قسەی بێسوود دوورەپەرێزن واتە: خۆیان دوور دەخەنەوە لەو قسانەی کە چاك نیە یان چاکەی لێناکەوێتەوە و خۆیان بەو قسانەوە خەریك ناکەن.

جا با ئەوانەی شەو و ڕۆژ بە قسەی پووچ و نوکتە و قسەی ناشرین بەسەردەبەن لە خوابترسن و واز لەو وتانە بهێنن پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە پەشیمان بوونەوە سوودی نیە.

3- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ ﴾.

وە ئەوانەی زەکاتی ماڵەکانیان دەدەن و بەو زەکات دەرکردنە پاکی دەکەنەوە لەو پیسیەی تێکەڵی بووە، وە ئەوانەشی کە دڵ و دەروونی خۆیان لە خراپە و تاوان پاك دەکەنەوە.

4- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ * فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ ﴾.

وە ئەوانەی کە داوێنی خۆیان دەپارێزن جگە لە هاوسەر و کەنیزەکەکانیان کە ئەوە جێگەی لۆمە و سەرزەنشت نیە، جا ئەوەی جگە لەو سنورە دیاریکراوە ڕێگەی تر بگرێتەبەر ئەوا بە لەسنور دەرچوو دەژمێردرێت.

ئەوانەی کە خەریکی زینا و خووی نهێنی و ژنهێنانی کاتی (موتعە)ن بە لەسنوور دەرچوو دەژمێردرێن و تاوانبارن.

5- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ ﴾.

وە ئەوانەی کە چاودێری ئەمانەت و پەیمانەکانیان دەکەن واتە: هەر ئەمانەتێکیان پێ بسپێردرێت ئەوا بە جوانی جێ بە جێی دەکەن، ئەم ئەمانەتە شتە دینیەکان و دونیاییەکانیش دەگرێتەوە، وە ئەگەر پەیمانیش بە کەسێك یان کۆمەڵێك بدەن غەدر ناکەن بەڵکو بە جوانی دەیبەنە سەر و فێڵ ناکەن و نایشکێنن.

6- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴾.

وە ئەوانەشی کە پابەندن بە نوێژەکانیانەوە و لە کاتی خۆیدا ئەنجامی دەدەن و دەیپارێزن.

جا ئەوەی ئەو سیفەتانەی تێدا بێت کە لەسەرەوە باسمان کرد ئەوا گەورەترین موژدەی پێدراوە لە لایەن خواوە سبحانە کە فەرموویەتی:

﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ * الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾.

ئا ئەوانە میراتگرن میراتگری فیردەوسن و بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە.

جا با هەموومان هەوڵ بدەین لە خاوەنی ئەو سیفەتە جوانە بەرزانە بین کە لە دونیادا دەتکات بە کەسی چاك و بە سوود بۆ خۆت و کۆمەڵگاکەت وە لە دوارۆژیشدا دەتخاتە فیردەوسەوە بە ویستی خوا سبحانە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

« الجنة مئة درجة... وإن أعلاها الفردوس وإن أوسطها الفردوس وإن العرش على الفردوس » [صحيح / صحيح سنن ابن ماجه: 3496].

واتە: بەهەشت سەد پلەیە... بەرزەکەی فیردەوسە و ناوەڕاستەکەشی فیردەوسە و عەرشیش لە سەرووی فیردەوسەوەیە.

خوا سبحانە بە فیردەوس شادمان بکات... آمین.

وَصَلى اللهُ عَلَى مُحَمدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمد

سەرچاوە: سایتی بەهەشت.